کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:49 13-2-2007

## مێژووی پاڵەوانە شکستخواردووەکان خوێندنەوەیەک بۆ دەقی (پاڵەوانێک لەڕەنگ) ی ئیسماعیل حەمەئەمین ... ئارام سدیق



گۆڕانە بەردەوام و خێراکانی ژیان کارێك دەكەن مرۆڤ تەنها هەوڵی ئەوە بدات لەهەر ژانرێكی ئەدەبیدا بێت ئەوەی لەهەگبەیدایە بیخاتەڕوو. لە هەنووكەدا سنوری نێوان ژانرە ئەدەبیەكان كاڵ بۆتەوە، یان نەماوە، یان راستربڵێم تێكەڵیەكی زۆر لە نێولن ژانرەكانی (شیعر، چیرۆك، شانۆنامە، رۆمان) دا هەبێت كە جیاكردنەوەییان ئاسان نەبێت، ئەمەش بۆ ئەو تێكشكاندنی سنوربەندیە دەگەڕێتەوە كە نووسەران لە دنیای ئەمڕۆدا و بە كاریگەری گلۆبالیزم پەیڕەوی دەكەن، بەڵام پەیامی سەرەكیان بارت وتەنی گەیاندنی چێژە بە خوێنەر، چونكە لە خوێندنەوەی دەقێك چێژ وەرناگیرێت كە بە چێژەوە نەنوسرابێت. لەساڵانی رابردوودا (شێركۆ بێكەس) دەقگەلێكی جوان و داهێنەرانەی بڵاوكردەوە كە تێكەڵێك بوون لە (شیعر، چیرۆك، شانۆنامە، رۆمان)، یان راستربڵێم وەكو خۆی لە (كورسی) دا ناوی "تێكستی والا"ی لێنابوو. ئەم ئەزموونە تەنها لای ئەم شاعیرە نییە و لە نێو زۆر شاعیرانی تریشدا رەنگدانەوەی هەیە و لەم تێكستەی ئیسماعیل حەمەئەمیندا كە من دەمەوێ لێی بدوێم هەست بەم حاڵەتە دەكرێت. هەر لەم بارەیەوە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد دەڵێت: دەشێت دەقێك بشنوسرێت و نەچێتە ژێر باڵی هیچ كام لە (شیعر، چیرۆك، شانۆنامە، رۆمان) ەوە تەنانەت نەچێتە ژێر ژانری (پەخشانە شیعر) یشەوە، بەڵكو دەقێك بێت وەك ژانرێكی ئەدەبی سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت و تایبەتمەندی خۆی بەوە جیابكاتەوە كە تۆڕێك بێت لە پەیوەندی نێوان توخمە جیاجیاكانی چەند ژانرێكی ئەدەبی و پێكهاتی جومگەكانی لە جەستەی دەقێكدا رێكبخات. بێگومان نەمانی سنوری نێوان ژانرە ئەدەبیەكان و پەیدابوونی ژانری نوێ قسەوباسی زۆرتر هەڵدەگرێت و كە اە تواناو كاری ئەم نووسینەی ئێمە نییە.

بۆئەوەی هێندە لەكرۆكی ئەم نووسینە دوور نەكەومەوە دەمەوێت لێرەدا ئاماژەیەكی كورت لەسەر دەقی (پاڵەوانێك لەڕەنگ) ی نووسەر (ئیسماعیل حەمەئەمین) بدەم و خوێندنەوەیەكی كورت بۆ ئەو دەقە بكەم، بێگومان كاتێك ئێمە یاس لەخوێندنەوەی كتێبێك، یان دەقێك دەكەین، دەبێت ئەو خاڵەمان لەبەرچاوبێت كە هەرگیز ناتوانین قسە لەسەر هەموو لایەنەكانی ئەو دەقە بكەین، یان پەی بەهەموو جوانی و ناشیرینییەكانی بەرین. هەروەها من دەربارەی خوێندنەوەی هەر دەقێك رایەكی تایبەتم هەیە ئەویش ئەوە تەنها ئەو دەقانە دەبنە كەرەستەی لەسەر نووسین و خوێندنەوەی جیدی كە شایستەن لای من، یان چێژی زۆرم لێوەرگرتوون و تووشی رامانیان كردووم، بێگومان نامەوێت لەبەهای هیچ دەقێكیتری ئەدەبی كەمبكەمەوەو دڵنیام دەیان و سەدان دەقی شایستە و جوانتر هەیە كە رەنگە لەتوانای قەڵەمەكەی مندا نەبێت خوێندنەوەیان بۆ بكەن، یان من وەكو پێویست و هێندەی جوانیی ئەو دەقە چێژم لێوەرنەگرتوون. لای من وەكو (سەلاح حەسەن پاڵەوان) دەڵێت: خوێندنەوەی دەق بەمانای گەڕانەوە بەدووی چێژدا لەنێو خودی وەرگردا حەز ئامادەیە، حەزی گەڕان بەدوای چێژدا، هەر وەرگێڕێك چێژی خۆی لەدەقێكدا دەبینێتەوە. لای منیش ئەو دەقانەی چێژی تەواوەتی دەبەخشنە هزرم و دەبنە كەرەستە بۆ لەدایكبوونی دەقی نوێ.

دیارە لەسەر وەستان و قسەكردنی من لەسەر دەقی (پاڵەوانێك لەڕەنگ) بەمەبەست بوو، چونكە ئەم دەقە دەقێكە هەڵگری دەیان نهێنییەو ئەم نهێنییانە تاكۆتایی دەق خوێنەر دەبەن و دواجاریش هەر بەشێوەی سەرەتا بەنهێنی دەمێننەوە، هەموو دەقێكی چیرۆك یان شیعر، یان رۆمان، یان راستتر بڵێم هەر دەقێكی ئەدەبی نهێنییەكی لەهەناویدا هەڵنەگرتبوو دەقێكی زیندوونییە، چونكە ئەوە گرێكوێرەو نهێنییە شاراوەكانی دەقن خوێنەر بەرەو خوێندنەوەی دەق و حاڵەتی چێژوەرگتن و چێژبینینی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئیستاتیکیانە دەبەن، لەم نێوانەدا هەندێك نووسەر گرێكوێرەكان و نهێنییەكانی دەقەكە بۆ خوێنەر ئاشكرا دەكات، بەڵام زۆرێك لەنووسەرانیش ئەو گرێكوێرەو نهێنییانە هەر بەشاراوەیی دەهێڵنەوەو خوێنەر لەدۆزینەوەی سەرپشك دەكەن، جوانی ئەم دەقەی (ئیسماعیل حەمەئەمین) یش لەوەدایە كە نهێنییەكان بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت و دەیەوێت لەدنیای پڕ لەجەنجاڵی ئەمڕۆدا كافكاییانە مرۆڤەكان توشی رامان و بیركردنەوە بكات، ئەگەر لێرەوە ئاماژەیەك بەكافكا و نووسینە پڕ لەنهێنییەكانی بكەین دەبینین ئەم نووسەرەش لەتێكستەكانیدا هەمیشە پاڵەوانی سەیرو نهێنیی گەورەی خستۆتەڕوو. كافكا لە (مەسخ) دا دەیەوێت نهێنییە شاراوەكانی مرۆڤی سەردەم و كێشەكانی لەگەڵ تەكنۆلۆژیاو مۆدێرنە بخاتەڕوو، یان وەكو هەندێك لەلێكۆڵەرەوان دەڵێن (مەسخ) ی كافكا نموونەیەكە لەدەقی ناهۆشمەندی قووڵ و هۆشمەندی دەقێكە كە ماناكانی لەپەیوەندییەكانی ئەو دوانەدا دەردەكەون و كافكا دەیەوێت گوزارشت لەئازارەكانی مرۆڤی هاوچەرخ بكات لەڕێی كەسایەتی پاڵەوانی رۆمانەكەوە ئەویش بەخوێندنەوەی ناخی كەسایەتی و دەروونی كەسایەتییەكە، بەجۆرێك كە رەنگدانەوەی لەسەر نووسەریش هەبووە، بەهەرحاڵ من ئەم نموونەیەم بۆ ئەوە هێنایەوە كە نزیكی نێوان تێكستەكانی كافكاو ئەم تێكستەی ئیسماعیل بخەمەڕوو، ئیسماعیل لەیەكەم دێڕی دەقەكەیدا بەم شێوەیە دەست پێدەكات (دەبوایە پاڵەوانەكە خۆی بكوژێ) لێرەوە پێماندەڵێت قیامەتێك لەڕووداوو ئازارو چەرمەسەری لەبەردەمدایە بۆ خستنەڕووی ئەم راستەیە خوێنەر تووشی رامان و دەستبەجێ گەڕان دەكات بەدوای ئەو نهێنییانەدا كە لەپشت ئە رستەیەوە خۆی حەشار داوە، نووسەر زیرەكانەو لەیەكەم رستەدا نهێنییەك دەخاتە بەردەم خوێنەرو بۆ دنیای پاڵەوانە رەنگاڵەكەی پەلكێشی دەكات، هاوكات ئیسماعیل هەر لەم رستەیەوە پەنجەی بۆ گەورەترین و هەنووكەییترین برینی جەستەی كۆمەڵگەی ئێمە بردووە كە ئەویش دیارەی (خۆكوژیی) ە، ئەم دیاردەیە بەڕادەیەكی بەرچاو و ترسناك لەم ساڵانەی دواییدا زیادیكردووەو هەر ئەم هۆكارەش بۆتە هۆی ئەوەی ببێتە كەرەستەی دەیان لێكۆڵینەوەو نووسینی دەیان دەقی جۆراوجۆریش، كە من پێموایە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەلای نووسەرەوە كاریگەری بەربڵاوبوونی ئەم دیاردەیەیە.

یەكێك لەو خاڵانەی لای من سەرنجەو بۆتە جێی پرسیار لەدەق و نۆڤلێتەكانی ئەم نووسەرەدا ئەوەیە كە زۆرجار دەیەوێت (ئەمر) بكات، یان رستەی ئەمر زۆر بەكاردێنێت بۆ نموونە ئەگەر سەرنج هەر لەیەكەم رستەی دەقی ناوبراو بدەین (دەبوایە پاڵەوانەكە خۆی بكوژێ) دەبینین (دەبوایە) لەو رستەیەدا بۆتە خواستێكی نووسەر كە ئەو دەخوازێت رووداوەكە بەو شێوەیە بوایە، یان لەنۆڤلێتی (شتێك لەقوڕی خوافە) شدا (پاڵەوان- گێڕەرەوە) كەسێكی ئەمركەرە و دەخوازێت منداڵە پێنج ساڵانەكەی گوێ بۆ هەموو سەروەرییەكانی بگرێت و دەخوازێت بەهەمان شێوەی ژیانی ئەو ژیان بكات، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە دەربارەی دەق و نووسینەكانی ئەم نووسەرە بەشێوەیەكی گشتی بیانخەمەڕوو ئەوەیە كە رەنگدانەی بەرچاوی لەم دەقانەدا هەیە، یان راستتر بڵێم ئیسماعیل نووسەری ئەم قۆناغەو ئەم نەوەیەی ئێستایە كە بۆ دەنوسێ. هەر لەم خاڵەشەوە ئەم نووسەرە پردی پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوێنەراندا پتەوترو فراوانتر دەكات، چونكە هەر نووسەرێك ئەگەر واقیعی كۆمەڵایەتی و سیاسی و . . . هتد لەنووسینەكانیدا رەنگدانەوەی نەبێت ناتوانێ لەگەڵ خوێنەرەكانیدا بەردەوانی بەپەیوەندییەكانی بدات و رۆڵ و كاریگەریشی لەكایە جۆراوجۆرەكانی نێو كۆمەڵگەكەی هەبێت.

قەیرانی شوناسی تاك یەكێكیترە لەو خاڵانەی زۆر بەجیدی لەم دەقەدا قسەی لەسەر كراوە، وەكو پێشتر وتمان نووسەر دەیەوێت لەهەنووكەدا بنووسێت و هەنووكەیبوونیش بەدەقانییەوە دیارە، بۆیە لەم دەقەدا ئامازەی بەبێشوناسی تاكی كورد، یان قەیرانی شوناسی كراوە، ئیسماعیل لەسەرەتادا لەناونیشانی دەقەكەوە (پاڵەوانێك لەڕەنگ) شوناسێك بۆ پاڵەوانەكە دیاریدەكات، بەڵام شوناسێكە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تاڕادەیەك جێگیرەو هاوكات تەمومژاویشە، جێگیرە، چونكە دەزانین ئەم پاڵەوانە ڕەنگە، تەمومژاویە لەبەرئەوەی جۆری ڕەنگەكەی دیاری نەكردووە، چونكە ئێمە بەهۆی بینین و ناسینی ڕەنگەكانەوە دەتوانین شوناسێك بۆ ئەو پاڵەوانە دەستنیشان بكەین، پاڵەوان یەكێكە لەبنەماو پێكهاتە گرنگەكانی دەق، پاڵەوانیش وەك هەر ڕەگەزێكی تر خاونی جیهانبینی تایبەت و سەربەخۆیە، بەڵام بەتەنها ناتوانێت ببێتە هەڵگری پەیامی گشتی و هەمەلایەنەی دەق، بۆیە پاڵەوان بۆ بەرەوپێشچوون و كامڵبوونی ڕووداوەكان پێویستی بەڕەگەزەكانی تر هەیە تادواجار پێكەوە ڕووداوەكان بگەیەننە مەبەستێ نووسەرو دەقێكی كامڵ بێتە بوون. بەڵام پاڵەوان لای ئیسماعیل و لەم دەقەدا بۆتە هەڵگری پەیامی گشتی و هەمەلایەنەی دەق. ئەم خاڵە یەكێكە لەخاڵە لاوازەكانی ئەم دەقەو بۆتە هۆی دروستبوونی تاكدەنگی لەم دەقەداو هاوكات لەنۆڤلێتی (شتێك لەقوڕی خورافە) شدا هەمان تاكدەنگی لای ئیسماعیل دووبارە بۆتەوە. دەمەوێت لێرەوە ئاماژە بدەم بەوەی كە بەشێكی زۆری دەق و شانۆو ڕۆمانی كورد تووشی هەمان گرفت بوون و تاكدەنگی بەسەریاندا زاڵە، واتە دەنگی جیاوازو نارازی، یان نابینرێت و بوونی نییە، یان زۆر لاوازە كە شایانی باس نییە، هەر لێرەوەیەكە شوناسی ئەم پاڵەوانەی ئیسماعیلیش شوناسێكی دیاری نییە، یان شوناسێكە تەمومژاوییە، ئەم تەمومژاوییە تەنیا خزمەت بەوە دەكات كە بڵێین واقیع تاكی كورد كە ئەم دەقە نمایشی دەكات واقیعێكە تاك تێیدا ونبووەو شوناسی بزرە، یان تەمومژاوییە، لەسەرەتای دەقەكەدا نووسەر دەیەوێت ئەمر بكات و ڕێنمایی پاڵەوان دەكات كە بەو شێوەیە بێت كە ئەو دەیەوێت، بەڵام پاڵەوان ئەوەی بەگوێ ناكات، بۆیە سەرەتای دەستپێكردنی دەق بەڕستەی (نەرێ) یە، بەڵام لەناوەڕاستەوە تاكۆتایی دەبێتە (نەرێ)، نووسەر لەسەرەتادا دەڵێت، دەبوایە پاڵەوانەكە بەنێو ئاگردا تێپەڕبێت بۆئەوەی ڕۆژەكانی لەسیسبوونەوە بپارێزێت، وەكو لەم ڕستەیەدا دیارە نووسەر بەشێوەی (ئەرێ) ئەمر دەكات، لەكۆتایی دەقەكەدا بەهەمان شێوەی (ئەرێ) شوناسی پاڵەوانەكە بەپاڵەوانێكی گێل دەخاتەڕوو. من پێموایە بەكارهێنانی دەستەواژەی (گێل) و وەسفكردنی پاڵەوانەكە بەگێل تاڕادەیەكی زۆر جوانی و مانای بەخشیوەتە دەقەكە، بەتەنیا بەبەكارهێنانی ئەم دەستەواژەیە تەواوی مێژووی پاڵەوانەكانی ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەو مێژووە لەبوونی كوردەوە تا ئێستا هیچی بۆ نەوەی ئێستا سەوز نەكردووە، هەروەها تەواوی خەبات و شۆڕشی ئەو كەسانەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە كە خۆیان بە (پاڵەوان) زانیووە لەمێژووی سەدان ساڵەی ئێمەدا، ئاخر ئەگەر پاڵەوانەكانمان گێل نەبوونایە دەیانتوانی ڕۆژێكی پڕ لەئاسوودەیی بۆ نەوەی ئێستا سەوز بكەن، پێموایە هەر لەم دەقەوە نووسەر دەیەوێت بەتەواوی خەباتگێڕ پاڵەوانەكانی نێو مێژووی ئێمە بڵێت ئێوەش وەكو ئەم پاڵەوانە گێل و نەوەیەكن لەجنسی (دۆنكیشۆت) .

ئەم دەقەی ئیسماعیل و ئەم پاڵەوانە گێلەی دۆنكێشۆتی سێرڤانتس-یان بیرخستمەوە، سێرڤانتس بەداستانی دۆنكیشۆت ویستی تەحەدای هەموو پاڵەوانانی دنیا بكات و ئەوە بخاتەڕوو كە مەرج نییە پاڵەوان هەر سەر بكەوێت، بەڵكو پاڵەوان هەیە بەردەوام دەدۆڕێت، ئەگەر وەكو هەر دەقێكی تری داستانئامێزی سەردەمی خۆی پاڵەوانەكە پاڵەوانێكی ئازاو سەركەوتوو بوایەو پاڵەوانی شكستە گەورەكانی ژیان نەبووایە، ئەوا هەرگیز بەو چەشنەی ئێستا نەیدەتوانی ناوبانگێكی جیهانی بۆ خۆی دروست بكات، ئەم پاڵەوانە گێلەی ئیسماعیلیش پاڵەوانی شكستە گەورەكانی ژیانەو لەنێو جەنگ و ململانێكانی ژیاندا شوناسی و تەنانەت خۆیشی بزركردووە.

لەلایەكی ترەوە ئەگەر لەڕوانگەیەكی سیۆسیۆلۆژییەوە سەیری بەكارهێنانی (گێل) ی پاڵەوانەكە بكەین دەبینین، نووسەر زیرەكانە دەیەوێت ئەوە بەڕووی نەوەی نوێشدا بدات و لەو گێلییەی تێكەوتووە ئاگاداربكاتەوە، چونكە یەكێك لەپەتا كوشندەكانی ئێستای كۆمەڵگەی ئێمە ناهوشیاری نەوەی نوێیە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەئاستی ئەو پێشهاتانەی رۆژانە رووبەڕوویان دەبێتەوەو ئەمەش سەرەتای دەرکەوتن و دروستبوونی ئەوگێلییەیە کە نووسەر لەم دەقەدا ئاماژەی پێداوە. دەمەوێت لێرەدا دیسان ئاماژە بەزیندوێتی ئەم دەقە بدەم، چونکە دەقی زیندوو شاهیدێکی راستگۆی ئەو قۆناغەیە کە تێیدا لەدایکدەبێت وهەڵگری پرسیارە وەڵامنەدراوەکانی ئەو قۆناغە بێت کە تێیدا دێتە بەرهەم، واتە ئەو دەقانەی ناتوانن وەڵامی پرسیارە هەنووکەییکانی ئەوسەردەم و رۆژگارە بدەنەوە کە تێیدا نووسراون ئەوا ناتوانن زیندوێتی خۆیان بپارێزن و رەنگە بەر لەبڵاوکردنەوە لەئەرشیفی نووسەردا مردبێت.

یەکێکی تر لەو چەمکە گرنگ و بنەڕەتییانەی نووسەر لەم دەقەدا ئاماژەی پێدەکات (خەون بینینە) و ئەو دەنوسێت، دەبوایە پاڵەوانەکە خەونی بدیایە، بۆ هیچ نا، بۆئەوەی لەنێو خۆیدا وشك نەبێنەوە، سەرەتا دەبێت لەگرنگی خەون بدوێین لەژیانی مرۆڤدا، خەون مرۆڤ بەرەو ئاسۆفراوانی و بیرکردنەوەی نوێ دەبات، ئەو کۆمەڵگەیەی تاکەکانی خەون نابینن کۆمەڵگەیەکی لەلێواری وشکبوونەوەو چەقبەستووییداو داهێنان و نوێبوونەوە تێیدا لەدایکنابێت، ئەوەی کۆمەڵگە لەو یەکڕەنگی و چەقبەستووییە قوتار دەکات خەون بینینە، بێگومان کاتێك مرۆڤ خەون دەبینێت دیدی نوێ و ئاسۆی جیاواز لەو ئاسۆیانە دەبینێت کە تاهەنووکە بینیوویەتی، بەڵام نەوەك کە توانای خەون بینینی نییە، یان نایەوێت خەون بینێ ئەو کاتە مەرگی هەموو گۆڕان و نوێبوونەوەیەك رادەگەیەنرێت، لەم دەقەدا نووسەر زۆر بەئاشکرا بانگەشە بۆ خەوبینینی پاڵەوان دەکات و دەنووسێ (دەبوایە پاڵەوان خەونی بدیایە)، واتە پاڵەوان خەونی نەدیوەو دەرەنجامی ئەوەش تووشی شکستە جۆراوجۆرەکان بۆتەوە، لەدواتردا نووسەر دەنوسێت، دەبووایە خەونی بەهەموو وشەیەکەوە بدیایە کە جیهان لەنێو ماناکاندا بێمانا دەکەن. دیارە دیسان لەم رستەیەشدا نووسەر جەخت لەسەر خەونبینین دەکاتەوە بۆئەوەی ماناداربوونی ژیان بێمانا نەبێت، دەکرێت لێرەدا دیسان ئاماژە بەهەنووکەییبوونی دەق بدەینەوە کە ئیسماعیل توانیویەتی نووسەری نەوەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بێت، چونکە هەنووکە نەوەی نوێی کۆمەڵگەی ئێمە بەدەگمەن نەبێت هەمووی تووشی قەیرانی بێخەونی و بیرکردنەوە بووەو لەنێو ئەو ئاڵۆزییانەی دنیای مۆدێرندا ونبووەو هەر ئەمەش لەگەڵ نەوەیەکی بێخەون و بێشوناس و بێئەزموون و بێداهێنانی ئەمڕۆدا رووبەڕوومان دەکاتەوە، کە بەڕای من ئایندەی ئەم نەوەیە روون نییە، یان ئایندەیەکە پڕ لەئاڵۆزیی و کێشەی جۆراوجۆرو شکستی گەورە، یان کۆپیەکی سەقەتی رابردووی پڕشکستی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیە. بۆیە ئەگەر نەوەیەك هەبێت خەون ببینێت، ئەوا خەون بەئایندەشەوە دەبینێت و دەتوانێت لەئێستاوە بناغە بۆ ئەو ئایندەیە دیاریبکات، بەڵام نەبوونی نەوەیەکی ئاسۆ فراوان دەیان قەیرانی جۆراو جۆر دەخولقێنێت هەروەکو چۆن (پاڵەوانە رەنگاڵەکەی ئیسماعیلیش لەم دەقەدا بەردەوام لەقەیران و ئەزمەی خەون بینین و ناکارایی لەگەڵ رەوتی رووداوەکاندا دەژی، بۆیە دەقەکە کەکۆتاییشی دێت (وەك لەسەرەتاشدا ئاماژەم پێدا) گرێکوێرەکانی نەکراوەتەوەو دەقەکەش تەواو نەبوو، چونکە لەبری خاڵیك کۆتایی رستە، نووسەر چەند خاڵێکی لەدوای یەکی داناوە.

دواجار ئەوەی پێویستە لەبارەی ئەم دەقەوە لێی بدوێم ئەوەیە کە ئەم نووسینە تەنیا ئاماژەی بەچەند لایەنێکی کەم لەدەقی ناوبراو داوەو دەکرێت کەسێکی تر لەدەیان لایەنی تری ئەم دەقە بدوێت هەر لەتەکنیك و شێوازی گڕانەوەوە تا پاڵەوان و هەموو ئەو کێشانەی خراونەتەڕوو، ئەم دەقە وەکو دەقەکانی تری نووسەر خاوەنی زمانێکی رەوان و بێگرێوگۆڵە، هەروەها لەڕووی تەکنیکی نووسینیشەوە بەڕای من تەکنیکێکی سادەی بەکارهێناوە، بەڵام سادەییەك کە لەخزمەت دەقدا بووەو بەبێ ئەو سادەییە لایەنێکی دەقەکە لاسەنگ دەبوو، هەروەها وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، بەڵام لەکۆی هەموو ئەمانە دواجار ئەم دەقە یەکێکە لەو دەقە جوانانەی شایانی خوێندنەوەو لەسەر وەستانە، دەمەوێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاماژە بەوەش بدەم ئەدەبی نوێی کوردی خاوەنی دەیان دەقی دوانە، بەڵام بەهۆی نەخوێندنەوەوە، یان بەهۆی پەرشوبڵاوی بڵاوکراوەکانەوە خوێنەرو ڕەخنەگر ناتوانێت هەموویان ببینێت، چونکە تەنیا بەخوێندنەوە دەق دەتوانێت بوونی خۆی وەکو کارێکی ئەدەبی لەکایەیەکی ئەدەبی دیاریکراودا بسەلمێنێت، دەنا دەق تا لەنێو خوێنەردا بڵاونەبێتەوە بەڕای من بوونی نییە، یان شتێك نییە ناوی دەق بێت.

سەرنج

*ئیسماعیل حەمەئەمین، پاڵەوانێك لەڕەنگ (دەق)، گۆڤاری هەنار، ژمارە (8)، سێپتەمبەری 2006.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.